# بەپێی ئەندازەی خیانەت وسەرپێچی ودرۆیان بەرامبەرت حسێب دەکرێت بە بەراورد بە سزاکەت لەسەریان

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک دانیشت لە پێش پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا دوو کۆیلەم -بەندەم- هەیە درۆ وخیانەتم لەگەڵدا دەکەن وسەرپێچی فەرمانەکانم دەکەن، ومنیش جوێنیان پێدەدەم ولێیان دەدەم، ئایا حاڵی من چییە سەبارەتیان؟ فەرمووی: «بەپێی ئەندازەی خیانەت وسەرپێچی ودرۆیان بەرامبەرت حسێب دەکرێت بە بەراورد بە سزاکەت لەسەریان، ئەگەر سزاکەت لەسەریان هێندەی گوناهەکانیان بێت ئەوا بەسە -وەکو یەکن-، هیچ شتێک بۆ تۆ نییە وهیچ شتێکیش لەسەرت نییە، وئەگەر سزاکەت لەسەریان کەمتر بێت لە گوناهەکانیان ئەوا فەزڵ -پاداشت- بۆ تۆ هەیە، وئەگەر سزاکەت زیاتر بێت لە گوناهەکانیان ئەوا بۆ ئەوان لە پاداشتی تۆ کەم دەکرێتەوە»، پیاوەکە دوورکەوتەوە ودەگریا وهاواری دەکرد، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا نەتخوێندووەتەوە لە کتێبی خوای گەورە : {وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَإِنْ كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا} واتە: {وە ئێمە دادەنێین تەرازووەکانی دادپەروەری (کە کردەوەی پێ دەکێشرێت) لەڕۆژی قیامەتدا ئەمجا هیچ کەس کەمترین ستەمی لێناکرێت با قورسی (کردەوەکەی) بەقەدەر تۆوی خەرتەلەیەکیش بێت ئێمە دەیهێنین} -هەتا کۆتایی ئایەتەکە-،» پیاوەکە ووتی: واللە ئەی پێغەمبەری خودا هیچ شتێک باشتر نابینم بۆ خۆم وبۆ ئەوان خێرتر لەوەی لێیان جیا ببمەوە، شاهێد بە کە ئەوان هەموویان ئازادن.

[لاواز] [(الترمذي) ڕیوایەتی کردووە]

پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سکاڵای کرد لە هەڵسوکەوتی کۆیلەکانی، ئەویش ئەوەیە درۆی لەگەڵدا دەکەن لە باس وهەواڵەکان، وخیانەتی لێدەکەن لەکاتی سپاردەدا، ولەکاتی مامەڵدا فێڵی لێدەکەن، وسەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن، وئەویش بەهۆی ئەمانەوە جوێنیان پێدەدات ولێیان دەدات بۆ تەربیەت دانیان، بۆیە پرسیاری لە حاڵی خۆی کرد بەهۆی ئەم مامەڵەی بەرامبەریان؟ ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بەپێی ئەندازەی خیانەت وسەرپێچی ودرۆیان بەرامبەرت حسێب دەکرێت بەراورد بە سزاکەت لەسەریان، ئەگەر سزاکەت لەسەریان یەکسان وهێندەی گوناهەکانیان بێت ئەوا بەسە -وەکو یەکن-، هیچ شتێک بۆ تۆ نییە وهیچ شتێکیش لەسەرت نییە، وئەگەر سزاکەت لەسەریان کەمتر بێت لە گوناهەکانیان ئەوا فەزڵ -پاداشت- بۆ تۆ هەیە، وئەگەر سزاکەت زیاتر بێت لە گوناهەکانیان ئەوا بۆ ئەوان لە پاداشتی تۆ کەم دەکرێتەوە؛ واتا سزا دەدرێت بە کەمکردنەوەی پاداشتت، وپیاوەکە دوورکەوتەوە ودەگریا وهاواری دەکرد، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئایا نەتخوێندووەتەوە لە کتێبی خوای گەورە : {وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَإِنْ كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا وَكَفَىٰ بِنَا حَاسِبِينَ} [الأنبياء: 47] واتە: {وە ئێمە دادەنێین تەرازووەکانی دادپەروەری (کە کردەوەی پێ دەکێشرێت) لەڕۆژی قیامەتدا ئەمجا هیچ کەس کەمترین ستەمی لێناکرێت با قورسی (کردەوەکەی) بەقەدەر تۆوی خەرتەلەیەکیش بێت ئێمە دەیهێنین جا ئەوەندە بەسە بۆ ئێمە کە ئاوا بە وردی حساب و لێپرسینەوە ئەنجام دەدەین}، بەهیچ شێوەیەک کەس ستەمی لێناکرێت لە ڕۆژی قیامەتدا، وتەرازووەکان لە نێو خەڵکیدا بە دادپەروەری دەبێت، پیاوەکە ووتی: واللە ئەی پێغەمبەری خودا هیچ شتێک باشتر نابینم بۆ خۆم وبۆ ئەوان خێرتر لەوەی لێیان جیا ببمەوە و وازیان لێبهێنم، شاهێد بە کە ئەوان هەموویان ئازادن لە پێناو خوای گەورە؛ لەترسی لێپرسینەوە وسزادان.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee